# گێڕانەوەی کەرکوك بە خەیاڵی شاعیران دەچیٚ؟!

**کاوێژمەلاپەروێز**
**کەرکوك**

**کیٚ هەیە گوٚیٚ بیستی ئەوە نەبوبیٚ چەندین جارلەسەر زاری سەرکرایەتی سیاسی کوردستان بە چەپ و راست بە علمانی و ئیسلامی کە دیٚنە سەرباسی دەوڵەتی کوردستان دەلێن ئەم هەلومەرجەی ئێستا لە رووی دوٚخی هەریٚمایەتی و نێونەتەوەیی گونجاونیە بوٚ جاردانی دەولەتی کوردستان..ئەم پرسە لە سەرەتایی پروٚسەی ئازادی ئێراقەوە لەم بەشەی کوردستان زوٚرترین باسی میدیا کان بوو وە زوٚرترین خەلکی کوردستان و دوٚستانی کورد لەو باوەرەدا بوونە کە چانسی کوردستان بوٚ دەوڵەتی سەربەخوٚ هانوەتە پێشەوە پێوسیتە کوردستانیان ئەو ماڤە بەکاربێنن جاری دەولەتی سەربەخوٚی خوٚیان بدەن..**

**وەلیٚ لایەن و تاخم و دەولەتی واش هەبوون دەروستکردنی دەوڵەتی کوردستان وەك کارتی فشار,حەقی دەستتێوەردانیان لە کاروباری کوردستانی باشوور و ئیٚراق بە کار دەهێنا من دڵنیام دەولەتێکی وەك تورکیا چاکی دەزانی و ئێستاش لەوە دڵنیایە کە دروستکردنی دەولەتی کوردستان بونی نیە بەلاٚم بوٚ بەدەست هێنانی شەرعیەتێك بوٚ دەست تێوەردانی لە کاروباری ئێراق وپاراستنی بەرژەوەندیەکانی کە لەوانە لەباربردنی ئەم نیمچە قەوارەیەیی کوردستان کە وەدەستی خستوە..خولاسە دەولەتی کوردستان وەك سەرکردەیەکی کورد ووتی لە خەیاڵی شاعیران دەچیٚ؟!..**

**منیش بروام وایە زەمینە رەخساو نیە بوٚ چیٚ کردنی دەولەتی کوردستان وەلیٚ سەرنجم هەیە و بەراورد لە نێوان بروای منی تاك وسەرکردایەتی سیاسی کوردستان زوٚرە...**

**بەو پرسیارە دەست پیٚ دەکەم**

**ئەگەر خویندنەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بوٚ چیٚ کردنی دەولەتی کوردستان ئەو واقعە بێت دەبیٚ حیکمەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بوٚ بابەت و پرسی تریش رچاوی واقع و هەلومەرجەکە بکەن بە تایبەت بوٚ مەسەلەی کەکوك..تا چەند سیاسەتی سەرکردایەتی کوردستان دە هەمبەر کێشەی کەرکوك واقعی بوە؟!.**

**بە کام پێوەری واقع کار بوٚ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك کراوە کە زەند دەکەم( تکایە ئەمە وەك بوٚچونێك وەرگرن ) گێرانەوەی کەرکوك بوٚ سەر هەرێمی کوردستان بەدەر لەوەی ووردەکاری و کوٚسپ و تەگەرەی زوٚر دەبیٚ راگەیاندنی دەولەتی کوردستان و لەسەر پیٚ وەستانی ئەو دەولەتە هەندە دەبیٚ بوٚیە واقع بوٚ کێشەی کەرکوك لە دووساڵی رابردوو شتێکی تر و ئەمروٚش بە شێوەیەکی تر خوٚی دەرئەخا,ئایندەیش چاوەنواری شتی ترمان لیٚ دەکات.**

**وادەزانم راست ئەوە بوو بوٚ چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشەی کەرکوك و شەری سەرکردایەتی کوردستان دەبوو لەسەر ساغ کردنەوەی ناسنامەی کەرکوك بوایە ئەگەر خوٚمان فریو نەدەین ساغ بوونەوەی ناسنامەی ئەم شارە بەو راستیە نابیٚ کە منیش باوەری پتەوم هەیە کە کەرکوك کوردستانیە بایی ئەوەی لە رووی سیاسی و دەستووری دەبوو ئەم پرسە یەکلاٚبکرابایەتەوە نەك بەو هەموو مولحەقانە کە لەو برگە و بەندەی دەستوور هاتووە بوٚ نمونە کورد پیٚ داگری یان شەری لەسەر یەك دێری سەر رووی پەرەی دەستوور بکردایە کە بەروونی هاتبا کەرکوك شارێکی کوردستانەیە نەك گێرانەوەی عەرەبی هاوەردە ئایا پروٚسەی ناردنەوەی عەرەبی هاوەردە هەند بە ئاسانی شوێن دەگریٚ؟!..**

ئایا چەند سەرکەوتوو دەبین لە پرۆسەی ناردنەوەیان؟!.....وەلآمی ئەم پرسیارە دووسالی تر چنگ دەکەوێت کە نامەوێ پێش رووداوەکان بکەوم وەلێ باوەرم وایە کورد لەو پرۆسەیە سەرکەوتوو نابێ کە بتوانێ پارێزگاری ناسریە ناچاربکات زەوی نیشتەجێ بوون و یارمەتی پێویستی ژیانی ئەو هاوولاتیانە بدات کە بریارە بۆ گێرانەوەیان ئاسنکاری بکرێت...یان پارێزگارەکانی تری پەیوەست بەم بەندەی دەستوور لە کاتیەکە 58 و لە هەمیشەییەکە 136 کە ئێستا بە 140 شوێنی خۆی گرتوە.

دەکرا بەرامبەر ئەو واقعە گەرچی تالیش بێ نیوە بەنیوە کورد گرەوەی سەختی کەرکوک بەباتەوە بەوەی کار بکرابا دەم ودەست بۆ ناردنەوەیان ئەوەی لەو هەلمەتانە پێش نوسینی یاسای کاتی ئیدارەی دەولەت بەرکەوتبا شتێکی باش دەبوو دواتر کار ئاسانتر دەبوو,رێکەوتباین بەوەی ئەو عارەبانەی کە ماونەتەوە  دەتوانن لە کەرکوک بژێن وەلێ کەرکوکیش شارێکی کوردستانیە و دەبێ سەر بە هەرێمی کوردستان بێ...بەلآم با نفوسیان بگوازنەوە بۆ شوێنی رەسەنی خۆیان.

لە دووسالی رابردوو دەکرا و لە ئێستا و ئایندەش دەکرێ  بەرامبەر کێشەی کەرکوک ستراتیژمان یەك خەین بە پەیوەری واقع مامەلە لەگەل ئەم پرسە هەستیارە بکەین..کورد ناتوانێ پشت ئەستور بە یەك لاەین کە هێزی جەماوەرەکەیەتی بەبەستێ بە تایبەت ئەو ئەزمونەی کە لەرابردوو لە دوو هەلبژاردن نیشاندرا لە هەردوو پێکهێنانی حکومەتی کەرکوک کە دەنگی کوردی کەرکوک و حەماسەت و ئومیدی ئەم خەلکە درووستی کردوون وەلێ لە هەردوو حکومەت نەك خشتێك نەخراوەتە سەر خشتێك بەلکو رێك پێچەوانەی خەلکی دەنگدەری کوردستان موعادەلەکە کەوتەوە کە حکومەتی کەرکوك دەبوو لە ئاست بەرپرسیارێتی خۆیدا بێ و لایەنی کەم کاری بەو ئاراستەیە کردبا کە لە ئازاری خەلکی ئەم شارە کەم بکرێتەوە...

دەبوو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ ئەو پۆستانە و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك کەسی شیاو و دەست پاکی لە گۆەپانەکە نمایش کردبا.

بۆیە باوەر دەکەم سەرکرایەتی کوردستان بە هەلەدا دەچێ دوای ئەو ئەزمونە کە نیشان خەلکی کەرکوك درا پشت ئەستور بێ بە هێزی ناوخۆی کە من مەبەستم ئەوە نیە خەلکی خۆراگری بەشمەینەتی کەرکوك پشت لە سەرکردایەتیەکەی دەکات بەلکو خەلکی کەرکوك چیدی بێدەنگ نابێ لە ئاست گەندەلی و ئیدارەیەکی بە هەلپە بۆ دەولەمەند بوونی تاکەکانی نێوی...

بۆیە بۆ کەرکوکێکان ئەو دروشمانە بەتەنێ بەس نیە لەگەل ئەوەشدا خزمەتگوزاری پێویستە کە تائێستا لێی بێ بەشە خەلکی کەرکوك ئەو کەسانەی دەوێ لایەنی کەم هەست بکەن خزمەتگوزاری پەیوەستە بە ژیانی خەلکەوە؟!..

بە تایبەت بۆ ئاوەرەو گەرەکە کوردیەکان کە ئەو ژیانەی ئەو خەلکە تێدایە شەرم دەکەی بلێی ئەمرۆ کورد خاوەن دوو حکومەتە و مێزانەی سالآنەی هەردوو حکومەتەکە لە چوار ملیار دۆلار پترە؟!؟

واقع بۆ پرسی کەرکوك ئاماژەی تر پێچەوانەی بانگەشەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەخەنشێنێ کە دەکرا و زۆر رێگای تر هەبوون بۆ گێرانەوەی کەرکوك کە زیاتر روئیایەکی واقعی هەبوو بەدەر لەو پێداگرتنەی سەرکردایەتی کوردستان کە زۆر شتی تری گرنگی لە شوێنی تر لە دەستدا بۆیە وا دەزانم سەرکردایەتی کوردستان دەبێ لەمەشدا واقعی ئەم هەلومەرجە بخوێنێتەوە هەولی زیاتر بدات .

1- لە رێگای نوێنەرانی کوردستانەوە لە وەزارەتەکانی بەغدا کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەم شارە وێرانە بێتە کرن.
2- هانی کۆمپانیاکانی کوردستان بەتایبەت حکومەتی کوردستان بێت سەرمایە لە بوارە جیاجیاکانی ژیان بخاتە گر.
3- لەگەل ئەوەی خەلکی کارامەو دەست پاك بەخاتە سەر سەحنەی شانۆی سیاسی و ئیداری کەرکوك هیمەتێکی فرە لایەن بکات بۆ گێرانەوەی ژیان بۆ خەلکی کەرکوك.

**ئەم خالأنە وای دەکات خەلکی کەرکوك بیری مەشولی ئەو زەحمەتییەی ژیان نەبیٚ بەلکو هیٚزیٚك بیٚت بۆ هەلٚپەی زوو گیٚرانەوەی کەرکوك کە باوەرم وایە یاسا و برگەی دەستووری هەبیٚ یا نا بایی ئەوە گرنگ نیە ویستی خەلکی کەرکوك وا لیٚ بکەی بە تایبەت تورکمان و عەرەب بۆ گیٚرانەوە کە بە لای منەوە تەنیا زەمان ئەو ویست و ئیرادەیە کە کەمتر کاری لەسەر کراوە بەتایبەت بۆ تورکمان و عەرەب ئەو ویستە بۆ گیٚرانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەریٚمی کوردستان بەوە چیٚ دەبیٚ کە خەلکی ئەم شارە لە مەینەتی نەك سیاسی بەلکو سەرتایترین خزمەتگوزاری ژیان رزگار بکەی..بۆیە واقع ئەوەیە نەك درۆشم..“کار وا بروات ئەزیش دەبیٚژم :**

**گیٚرانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەریٚمی کوردستان لە خەیالی شاعیران دەچیٚ؟.**

K_mlaprwez@yahoo.com